# ئازاد شەوقی

# ڕەنگێک کەنیشتیمان نەیبوو. . !

دلاوەر قەرەداغی

خولیام بوو جارێکیتر بتبینمەوە، جارێکیتر لەژێر گوێسوانەی ماڵە دوور دوورەکەتا بنیشمەوە، ئەمجارەیان جگەلە شێرزاد حەسەن، ئیسماعیل و تەیرەکانم وتیان:" بمانبە ! ئەمجارە ئێمەیش دێین. . . .
" ئەمجارەشیان وەکی جارەکانی تر هەر تۆ دەدوێیت و ئێمەش هەر باڵین و هەر بارانین و هەربینین.
ئەمجارەشیان هەر تۆ دەرژێیت و ئێمەیش وەک گەرەکێک منالی لاسار، لێکدا لێکدا بە ژوورو پێپلیکانەو هەیوان و ژێرزەمین و سەربان و بانیژەو حەوشەو کون و کەلەبەری ئاسمانی تابلۆکانتا ڕادەکەین و دەنۆرێن و دەفرین و پێدەکەنین و دەگرین.
بەشێرزاد دەڵێم : مامۆستا چۆن چۆنی لەزەنگی دەرگاکە بدەین کەدڵی ئەو ڕەنگە ئازیزە ڕانەچڵەکێ و لەخۆڕا قەترەیەکی نەپرژێ ؟ چما بلێی ماڵەکەی هێند جێگاو ڕێگای هەبێ کەبەشبکا بۆ شاندایانی حوزنی ئێمەو بۆ قریوەی پێکەنینەکەی تۆو بۆ لەباوەشگرتنی فرینی هەڵفرین؟
خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە ئەی ڕەنگێک هەمیشە ئامێزت والآ. . . بتبینمەوە لەشار، لەژێر هەتاودا. . خولیام بوو لەقەرەباڵخیی سەعات لای شەش و نیوەکانی بەردەم مەکتەبەی سلێمانیی بتبینمەوە کەدونیا بۆنی ئەڤین و بۆنی چاکانی کاک عومەری شەعب و بۆنی نێرگزو بۆنی ڕەنگەکانی جەزا بەکری دەگرت.
خولیام بوو جارێکی تر بتبینمەوە ئەی قەدیسێک کەهەمیشە ئامێزت والآ. . . . بتبینمەوە لەژێر باراندا، بتبینمەوە لەبەیانییەکدا کەهەردووکمان لەپاسێکدا، تۆ تەڕ بەڕەنگی گەش و من تەڕ بەشیعری شەرمن، لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە دادەبەزین و کەدێینە خوار، کیژێک لەدڵی خۆیدا دەڵێ: خودایە. . . چ بوو واکوت و پڕ سینگم بەبۆنی بەهەشت تژیی بوو؟
خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە، ئەی ڕەنگێک هەڵکردوو لەشیعری مندا. . . ئەی خەمێک ڕاکشاو لەسەر مسۆدەی یەکەمین نامەی دلداریی، ئەی منالێک هەمیشە سەرسوڕماو لەودیو پەنجەرەکانەوە، ئەی پیاوێک هەمیشە ئامێزت والآ!
من نیگەرانم کەبێمەوەو ببینم لەوێ نیت، کەبێمەوەو ببینم باوەشێکی ترم لێکەمبۆتەوە، کەبێمەوەو ببینم ڕەنگێکی ترم سەفەری کردووە، کە بێمەوەو ببینم
شیعرێکی ترم دیارنەماوە. کەبێمەوەو ببینم کۆلانێکی ترم چووە بۆ پیاسەی دوور.
ئەی ڕەنگێک هەمیشە باوەشت والآ. . . . ئەمجارە ش دێین، ئەمجارە جگە لەشێرزاد حەسەن، ئیسماعیل و تەیرەکانیشم لەگەڵدێن، ئەمجارەیان غەمگینترین لەجاران، ئەمجارەیان دڵمان گەڵێک ئاسکترو سەرو ڕیش و باڵمان شەلآلترە بەجێگەپێی بەفرو بەجێگەباڵی خەون و باران. . . . ئەمجارەیان تووڕەترو ئارامترو قەرەباڵخترو بێدەنگترین لەجاران.
لەترومبیلەکەدا بەشێرزاد دەڵێم : مامۆستا. . . با زۆر بەئەسپایی،
وەک نیشتنەوەی پەرەسێلکەیەک، لەدەرگای ماڵەکەی کاک ئازاد بدەین!
ئەو پێدەکەنێ و وەلآمم دەداتەوە: باشە چاوەکەم. . . . وادەکەین!

---

www.kurdistannet.org